## کێن قوربانێکانی گەندەڵی، ویژدان و میلەت یان دەسەڵات؟ ... وەهاب شاه محەمەد



رۆژنیە کەسێکی کورد نەبینیین باس لە گەندەڵی بەربڵاوی داموودەزگاکانی رەسمی و غەیەرە رەسمی لە کوردستان نەکات، گلەیی و نارەزایی خۆی بەرامبەری دەرنەبڕێ، بۆیە باس کردن و نوسین دەربارەی کارێکی پێویست و گرنگە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ کەسانێکی خاوەن دەسەڵات بتوانن بیکەن بە یێکێ لە بابەتەکانی گفتوگۆیان و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن.

هەندێک کەس باس لە گەندەڵی ئیداری دەکات و هەندێکی تریش لە گەندەڵی ئابووری، بەڵام هەر هەموو بە کارێکی نارەواو ناشرینی دەبینن و گلەیش لەوە دەکەن کە کەس نیە بتوانێ یان ئارەزووی رێگالێگرتنی هەبێ.

چەند رۆژێک لەمەو بەریش لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەرێز جلال تالەبانی سەرۆک کۆماری عیراق لەسەر ئەو بابەتە پرسیارکراوە، ئەویش خواستیاری بنبرکردنی ئەم دیاریدەیە دەکات و داوای گۆرانکاری گەورەی لە داموودەزگا حکومێکان و حزبێکان کردووە وەک چارەرێگایێک بۆ نەهێشتنی. دیارە کاتێ کەسێکی وەک سەرۆک کۆمار باس لەو دیاریدەیە دەکات کەواتە پێویست ناکات کەس گومان لە نەبوونی ئەو بەربڵاویەی گەندەڵیە بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە زیاتر لەسەر بابەتەکە شت بوترێ و بنووسرێ، چی لە ناوەوەی وڵات بێ یان دەرەوە.

لە هەندێ وڵات، هەر لە کاتی گەیشتن بۆ فرۆکەخانەکانیان تا بەجێهێشتنی وڵاتەکە کەسانێکت تووش دەبن کە بە ئاشکرا داوای بەرتیلت لێدەکەن بۆ جێبەجێ کردنی کارەکان، ئەو کەسانەش زیاتر خەڵکانێکن کە پلەوپایەی نزمیان لەو داموودەزگا حکومیانە هەیە، بەڵام ئەوانەی پاڵ بەو کاری گەندەڵیەوە دەنێن و گەشەی پێدەدەن، دەسەڵاتدارانی سیاسیین کە کاری گەندەڵی ئەوان ئەوەندە گەورەیە کەس ناوێرێ باسی لێوەبکات، چوونکە باسکردن و رەخنەگرتن لێ هەزارو یەک کێشە بۆ خاوەن رەخنەگرەکە درووست دەکات.

دیارە ئەوانەی کاری گەندەڵی ئەنجام دەدەن ناتوانن کارێکی لەوجۆرە بکەن ئەگەر کەسانێکی لە خۆیان پایە و پلە بەرزتر رێگایان پێنەدات و نەیکات، ئەو جۆرە کەسانەش دەسەڵات و بەرژەوەندێ دەکەنە قوربانی کاری گەندەڵیان، چوونکە بیرو کاریان تەنها روو لە دەوڵەمەندی خۆیان و دەورووپشتیانە دەکات. ئەوجۆرە کەسانە نەک ویژدان و میلەت دەکەن بە قوربانی دەوڵەمەندی و پلەوپایەی خۆیان، بەڵکو هەموو ئەو پرنسیپانەی کە کۆمەڵگاو یاسای لەسەر درووست بووە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان و گیرفانیان، ئەو یاسایانەش بە دەکەن بە پردی کاری گەندەڵیان.

خەڵکی لای خۆمان باس لەوە دەکات کە چۆن کەسانێکی کەم خوێنەوار ئەمرۆ پلەی ئەفسەری و سەرووی ئەفسەریان پێ دەدرێ، مانگانەش مووچەیێکی وا وەردەگرن کە مامۆستای رۆشنبیری دانشگایێک حەسوودیان پێدەبات. باس لەوە دەکرێ کە مامۆستایێکی دانشگا 500 دۆلاری پێدەدرێ لە مانگێکدا، بەڵام ئەفسەرێکی نەخوێندەوار کە خزمایەتی و ئەندامبوونی لە پارتێک ئەو پلەیەی داوەتێ مانگی 800 دۆلاری هەیە. باس لەوە دەکرێ کە

بۆ دامەزران لە دامووددەزگا جیاوازەکانی وڵات دەبێ تەزکیەی (حزب) ێکی لایەنەکانت هەبێ، ئەگینا شارەزایی و پسپۆری هیچ رۆڵێک بۆ کاروەرگرتن ودامەزران نابینێ.
باس لەوە دەکرێ کەوا هەرچی خاوەن دەسەڵاتە، یان کەسێکی خاوەن دەسەڵات دەناسی لە شەورۆژێک دەبێ بە بەڵێندەر و چەندەها کاری دەدرێتی، ئەو کارانەش زۆربەی زۆری کەسانێک دەیدەن بە بەڵێندەرە ناسیاوەکە کە بەرپرسیاری شارەوانێکانن، مەبەست لە سەرۆک شارەوانەوە بیگرە تاکو دەورووپشتەکانیان. باس لەوە دەکرێ کە برای فڵانە سەرۆک شارەوان لە رێگای کاری بەڵێندەریەوە چەندەها ملیۆن دۆلاری دەستدەکەوێ، ئەو کارانەش بە نرخێک دەکرێ کە 10 ئەوەندە لە نرخە سەرەکێکەی خۆی زیاترە، نەک هەرئەوەش بەڵکو لەبەر نەبوونی کۆنترۆڵ ئەو کاڵانەی بۆ ئەو پرۆژانە بەکاردەهێنرێن زۆر خراپ و هەرزانن وە کارەکانشیان بەرگەی چەند ساڵێک زیاتر ناگرێ.
باس لەوە دەکرێ کە چۆن دامودەزگا حکومێکان و خزمەتگوزارێکان پر بووە لە کارمەندی بێ ئیش و نەشارەزا، زوربەی زۆری کاتەکەش بە دەست بەتاڵی دەبەنەسەر. هەندێ دامووددەزگا هەیە کە ئەوەندە کارمەندی مووچەخۆری بێ ئیشی تیایە نازانی روو لە کامیان بکەی بۆ بەرێخستنی کارەکان، کاتێ کاریشت بەو داموودەزگانە دەکەوێ کارەکەت 10 ئەوەندەی کاتی زیاتر پێویستە بۆ ئەنجامدانی.
زۆرکەس باس لەوە دەکات کەچۆن زەوی بەم و ئەو دابەش دەکرێ، چوونکە تەزکیەی ئەم پارت یان ئەو پارتیان هێناوە، یان خزمی فڵانە مەسئوولن. لە کاتێکدا خەڵکانی رۆشتنبیرو و شارەزا لەبەر نەبوونی پارە و کەمی مووچەیان توانای بەکرێگرتنی خانوێکی باشیان نیە، چوونکە خانوو نیە کرێکەی لەچەند سەد دۆلارێک کەمتربێ.
ئەوانەی ئەم بارەیان درووست کرد و بەردەوامن لەسەری بروناکەم بتوانن وابەئاسانی بوێرن ئەم کارە گەندەڵیە ئەنجام بدەن ئەگەر کەسانێک نەبن پاڵپشتی کارەکانیان بن، ئەو کەسانەش میلەت وویژدان لە پێناو بەرژەوەندی و دەوڵەمەندی خۆیان دەکەنە قوربانی و ناشکرێ چاوەروانی ئەوەشیان لێبکرێ لە کاتی تەنگانە فریای وڵات و خەڵک بکەون. ئەو کەسانەی دڵیان بە بەرژەوەندی گشتی و وڵات ناسوتێ دەسەڵات و ئەوانەی دەسەڵات دەپارێزن دەکەنە قوربانی گیرفانی خۆیان.
دیارە متمانەی وڵاتانی تریش، ئەوانەی کە ساڵەهای ساڵە خەباتمان بۆ دۆستایەتی کردنیان کردووە بۆ هاوکاری کردن و لایەنگیری کێشەی کورد نامێنێ، چوونکە کەس ئامادە نیە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دووژمنانی کورد تێکبدات، لەکاتێکدا دەسەڵاتی کوردی رێگا ناگرێ لە دیاریدەی گەندەڵی. تەنها دۆستی ئێمەی کورد کۆمەڵگا مەدەنی و دیموکراتێکانە، ئەمانەش دژ بە هەموو کارێکی گەندەڵین، ناشتوانیین چاوەروانی ئەوەش بین لێان کە دۆست و هاوسەنگەرمان بن کاتێ خۆمان بەرژەوەندی میلەت و ڵات دەکەینە قوربانی بەرژەوەندی کەسانێک کە تەنها غەمی گیرفان پرکردنی خۆیان و دەورووپشتیان هەیە. ناکرێ داوای پاڵپشتی و لایەنگیری خەڵکی کورد بکەین کاتێ خۆمان خەڵکی کورد هەمووی دەکەینە قوربانی کاری گەندەڵی و پلەوپایەمان.
ئەو کەسانەی کاری گەندەڵی ئەنجام دەدەن، چی ئیداری بێ یان ئابووری رۆژێک دێ خاک و میلەت و هەموو خوێنی خەبای ساڵەهای گەلەکەمان دەفۆرشن لە پێناو گیرفانی خۆیان، بۆیە هەرچی زووتر پێویستە سەرکردایەتی لایەنە کوردێکان رێگاچارەێک بۆ ئەم دیاردە ترسناکە بدۆزنەوە، هەموو ئەو کەسانەی هەڵدەستن بەو کارانە سزای یاسایان بدەن بۆئەوەی چیتر لەمە زیاتر گەشە نەسەنێ.

پێویستە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگای یاسا و کۆمیتەی تایبەتەوە هەرچی زووتر چارەسەری کێشەی گەندەڵی لە کوردستان بکات و هەموو ئەو کەسانەی ئەو جۆرە کارانەیان ئەنجام داوە لەسەر کارەکانیان لابدەن و سزابدەن.

ئەمرۆ هەرێمی کوردستان سەرۆکێکی هەیە، کە بەرێز (مسعود بارزانی) یە، سەرۆکیش دەسەڵاتی سیاسی و یاسای بەرزی هەیە، وە دەتوانێ هەموو ئەو کاری گەندەڵیە نارەوانەی بەرێووە دەچێ لە کوردستان رسوابکات، داواش لە هەموو وزارەتە جیاوازەکان بکات کە پیاچوونەوەی تەواوی ئەو کارانەی ئەنجام دراوە، وەیان لە دووارۆژ ئەنجام دەدرێ بکرێت بۆ ڕێگاگرتن لە گەندەڵی. دەشتوانێ لە ڕێگای داموودەزگا ئاسایش و پۆلیسێکانەوە تەواوی ئەوانەی ئەو کارانەیان ئەنجام داوە یان دەدەن بگرن و سزای یاسایان بدات.

ئەگەر کەسانێک هەبن ویژدان بکەنە قوربانی کاری گەندەڵی و بەرژەوەندێکانیان، نابێ ئێمەی رۆشنبیر ڕێگا بەوە بدەین کە وڵات و میلەت پاشان سیستێمی دیموکراتی سیاسیمان کە ساڵەهای ساڵە خەباتی بۆ دەکەین بکرێت بە قوربانی ئارەزۆکانی ئەو کەسانە کە تەنها بیر لە گیرفانی خۆیان و دەورووپشتیان دەکەن.

وەهاب شاه محمد
Shah. wahab@gmail. com